هەرێم بەیاری دا لە زووترین کاتدا ڕێگە بە دەستپێکردنی هێناردەی نەوت بدات



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: لە پێناو هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی، بەیاریان داوە لە زووترین کاتدا ڕێگە بە دەستپێکردنی هێناردەی نەوت بدەن لە ڕێگەی بەندەری هەرێمی کوردستانەوە. هاوکات جەختی لە بەردەوامیی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا کردەوە بۆ هەڵگرتنی ڕێگریی بازرگانییەکان و پاراستنی سەلامەتیی کەمپانیاکانی بواری نەوت و گاز.

سەشەممە، 17ـی ئاداری 2026، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس) پەیامێکی بڵاو کردەوە.

لە پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتدا هاتووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە نائاسایییەی کە ڕووبەڕووی وڵات بووەتەوە و ئەو بەرپرسیارێتییەی کە ئەرکی هەموومانە کار بکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختە، بەیارمان دا کە لە زووترین کات دا، ڕێگە بدەین نەوت لە ڕێگەی بەریی هەرێمی کوردستانداهێنارد بکرێت.

مەسرور بارزانی، دووت: لێگەڵ حکوومەتی فیدراڵ گفتوگۆکانمان بەردەوام دەبن، بە ئەوەی بە پێلە ئەو ڕێگریانەی خراوەتە سەر هاوردە و جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەڵبگیرێن، هەروەها دابینکردنی گرێنتی بە کۆمپانیاکانی نەوت و گاز تا بتوانن بە سەلامەتی دەست بە بەرهەمهێنان بکەنەوە.

لە کۆتایی پەیامەکەدا، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس و پێزانینی بە ڕەو و پاپشتیی هاوبەشە ئەمریکان لە پرسەکەدا دەربڕی.